# ئەحکامەکانی نوێژی مردوو

[ بە کوردی ]

# أحكام صلاة الجنازة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : مامۆستا کەمال مەلا موحەمەد بۆسکینی

المؤلف : كمال ملا محمد بوسكيني

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# ئەحکامەکانی نوێژی مردوو

بەشی یەکەم: حوکمی نوێژی مردوو:

نوێژی مردوو فەرزی کیفایەیە لەسەر مسوڵمانان، هەر کاتێ هەندێك لە مسوڵمانان پێی هەستان ئەوا لەسەر شانی ئەوانی تر لا دەچێت.ئەوەش ڕای جەماوەری زانایانی ئیسلامە( 1)، بگرە ئیمامی نەوەوی و هەندێ زانای تر -ڕەحمەتی خوایان لێ بێت- فەرموویانە واجب بوونی نوێژی مردوو کۆدەنگ (إجماع) ی زانایانی ئیسلامی لەسەرە(2).بەڵگەش لەسەر واجب بوونی نوێژی مردوو:بەردەوامی پێغەمبەر -صلّی الله علیه وسلّم- و هاوەڵەکانیەتی لەسەر کردنی ئەو نوێژە، وەهەروەها فەرمانی پێغەمبەرە-صلّی الله علیه وسلّم- بەکردنی، وەك لەو فەرموودانەی خوارەوەدا هاتوە:

1- قول النبی -صلّی الله علیه وسلّم- : (( ... صلّوا علی صاحبکم)) ( 3) .واتا:فەرموودەی پیغەمبەر -صلّی الله علیه وسلّم- - لەسەرەتای ئیسلام دا دەربارەی ئەو پیاوە قەرزدارەی مردبوو-: (( ... نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان بکەن )) . .

2- قول النبی - صلّی الله علیه وسلّم- : (( ... إنّ أخاکم قد مات فقوموا فصلّوا علیه )) یعني النجاشيّ ( 4).واتا : فەرموودەی پێغەمبەر - دەربارەی نجاشی پاشای حەبەشە: (( براکەتان مردوەدەی هەستن نوێژی لەسەر بکەن)) .

3- أمر النبی - صلّی الله علیه وسلّم- بالصلّاة علی المرأة التي رُجمت (5).واتا:فەرمانی پێغەمبەر -صلّی الله علیه وسلّم- بە نوێژ کردن لەسەر جەنازەی ئەو ئافرەتەی -لەسەر زینا- رەجم کرابوو .

وە فەرمانی پێغەمبەر -صلّی الله علیه وسلّم- لەفەرموودەی یەکەم دا: (صلّوا)، وەلەفەرموودەی دووەم دا: (فصلّوا)، وەلەفەرمودەی سێەم دا ووشەی: (أمر): ئەمرەو ئەمریش واتای پێویست بوون دەبەخشێت، هەر وەك زانایانی ئوسوڵی فیقە فەرموویانە (الأمر یقتضي الوجوب ما لم یصرفە صارف عنە )( 6).وەسوننەت وایە کەنوێژی مردوو بەجەماعەت بکرێت، هەر وەك لە زانایانی پێشین و زانایانی خەلەف نەقڵ کراوە(7).وەسوننەت وایە نوێژکەر (مأموم)ەکان بەسێ ڕیز یان زیاتر دابەش ببن، بەڵگەی ئەوەش چەند فەرموودەو، کرداری پێغەمبەرە-صلّی الله علیه وسلّم- ، وەك لە خوارەوەدا هاتوە:

1- عن مالك بن هبيرة رضي الله عنه: أنّه كان إذا صلّى على ميّت، فتقالّ الناس، جزّأهم ثلاثة صفوف، ثمّ قال: قال رسول الله -صلّى الله عليه وسلّم-: (( من صلّى عليه ثلاثة صفوف... أوجب )) (8).واتا: له ماليكى كورى هوبەيرەوە گێردراوەتەوە كاتێ نوێژى جەنازەى لەسەر مردوويەك كردبايەو، ژمارەي خەڵكەكەى بەكەم زانيبايە، دةيكردن بەسێ ڕيزو، ئينجا دەيگووت پێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- فەرموويەتى: (( هەر مردوويەكى- مسوڵمان-سێ ڕيز نوێژى لەسەر بكەن ... ئەوەبەهەشتى بۆ واجب دەبێت)) .ئەم فەرموودەيە ئەوەدەگەيەنێت كەنوێزى مردو شەفاعەتە بۆ مردوەكە، وەپێغەمبەر -صلّى الله عليه وسلّم- مسوڵمانان هان دەدات كەبەسێ ڕيز نوێژ لەسەرمردو بكەن.

2- عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما قال: (( صلّى رسول الله -صلّى الله عليه وسلّم- على النجاشي فكنت في الصف الثاني أو الثالث )) (9).

واتا جابرى كورى عبدالله -خواى گەورە لەخۆى و باوكى ڕازى بێت- گوتويەتي: (( پێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- نوێژى -غائب- ى جەنازەى لەسەر نەجاشى - پاشاى حەبەشە كرد، منيش لە دووەم يان سێيەم ڕيز بووم )) .

3- عن أبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قال: (( نَعَى النبي- صلّى الله عليه وسلّم- إلى أَصْحَابِهِ النَّجَاشِيَّ ثُمَّ تَقَدَّمَ فَصَفُّوا خَلْفَهُ فَكَبَّرَ أَرْبَعًا )) ( 10).واتا: ئەبو هورەيرە-خواى گەورە لێى ڕازى بێت- گێڕاويەتەوە: (( پێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- هەواڵى مردنى نەجاشى بەهاوەڵەكانى دا، ئينجا پێشيان كەوت بۆ كردنى نويژى جەنازە- صلاة الغائب- و هاوەڵەكانيش لەدواى ڕيز بوون)) .

4- عن الشَّعْبِيِّ - رحمه الله- قال: أخبرني من شَهِدَ النبيّ- صلّى الله عليه وسلّم- : (( أتى على قَبْرٍ مَنْبُوذٍ فَصَفَّهُمْ وَكَبَّرَ أَرْبَعًا، قلت من حَدَّثَكَ؟ قال: ابن عَبَّاسٍ رضي الله عنهما)) (11).واتا: شەعبى -ڕەحمەتى خواى لێ بێت- گوتوويەتى: كەسيك بۆى گێرامەوەكەپێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- ى بينيوە: (( هاتۆتەسەر گۆڕێكى لاپەڕ- يان گۆڕى منداڵيكى فڕێدراو- ئنجا هاوەڵەكانى ڕيز كردو - نوێژى لەسەر كرد- چوار تەكبيرەى لەسەر لێ دا.

شەعبى -ڕەحمەتى خواى لێ بێت- گوتى: لەو كەسەم پرسى: كێ ئەوەى بۆ گێرايتەوە؟ -ئەويش- گوتى: ئيبن و عەبباس -خوا لێى ڕازى بێت-)) .

5- عن جَابِرَ بن عبد اللَّهِ رضي الله عنهما قال: قال النبي - صلّى الله عليه وسلّم: ((قد تُوُفِّيَ الْيَوْمَ رَجُلٌ صَالِحٌ من الْحَبَشِ فَهَلُمَّ فَصَلُّوا عليه، قال: فَصَفَفْنَا فَصَلَّى النبي- صلّى الله عليه وسلّم - عليه وَنَحْنُ صُفُوفٌ ...)) ( 12).واتا: واتا جابرى كورى عبدالله - خواى گەورەلەخۆى و باوكى ڕازى بێت- گوتويەتي: پێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- فەرموويەتى: (( ئەمڕۆ پياوێكى صالح - نەجاشى- لەحەبەشە مردوە- هەستن نوێژى

لەسەر بکەن،- جابر دەڵێت-: ئێمەش - لەدواي پێغەمبەر -صلّى الله عليه وسلّم - ڕیز بووین و نوێژمان لەسەر کرد بەچەند ڕیزێك )) .

ئەو فەرموودانەی پێشوو بەئاشکرا ئەوەدەگەیەنن کەسوننەتە نوێژی مردوو بەجەماعەت بکرێت وەهەروەها سوننەتە نوێژکەران بەچەند ڕیزێك دابەش بن.وەئەو فەرموودانە نیشانی دەدەن کەن وێژ کردن لەسەر مردوو بەچەند ڕیز کاریگەری هەیە بۆ زیاد بوونی پاداشت و شەفاعەت بۆ مردوەکە، هەرچەندە شوێنەکەش فراوان بێت و نوێژکەرانیش لەیەك ڕیزیشدا جێگایان بێتەوە،چونکە وا دەردەکەوێت کەهاوەڵەکان کە لەخزمەت پێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- دا نوێژی مردوویان دەکرد هەرچەندەژمارەیان زۆر بوەو شوێنەکەش -فەزا- بەرەڵا بوەو دەکرا بەیەك ڕیز ڕاوەستن لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر - صلّى الله عليه وسلّم- بەچەند ڕیز دابەشی دەکردن .

زانای پایەبەرز ئیبن و حەجەری عەسقەلانی دەفەرمێ: هەر لەبەر ئەوەش بوو کەصەحابی بەڕێز مالیکی کوری هوبەیرەوە کاتێ نوێژی جەنازەی لەسەر مردوویەك کردبایە، نوێژکەرانی دەکرد بەسێ ڕیز، هەرچەندەژمارەیان زۆر یان کەم بوایە(13).

کۆتایی

٨ی جومادی دوەمی ساڵی 1428 کۆچی تا ئاڵقەی دوەم بەخوای گەورەتان دەسپێرم

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەر جاوەکان:

(1) بڕوانە:بدائع الصنائع( 336/2)، وحاشیەی ابن عابدین ( 102/3) ، والمفهم شەرحی صحیحی موسلیم( 609/2)، والبیان شەرحی مهذب ( 50/3)، و المجموع(120/5)، والروض المربع(78/2)،و منار السبيل(294/1).

(2) بڕوانە:حاشیەی ابن عابدین (102/3) ، و المجموع(120/5).

(3) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێراویەتەوە، لە(كتاب)ی: (الحولات) ، لە(باب): (في الحوالة)، بەژمارەی: ( 2168)، وة ئیمامي موسلیم لەصحیحی خۆیدا گێراویەتەوە، لە(كتاب)ی: (الفرائض)، لە(باب)ی: (من ترك مالا...)، بەژمارەی:( 1619) .

(4) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێراویەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز ) لە(باب) ی: (الصفوف على الجنازة)، بەژمارەی: ( 1257)، وة ئیمامي موسلیم لەصحیحی خۆیدا گێراویەتەوە، لە(كتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (التكبير على الجنازه)، بەژمارەی:( 952) .

(5) ئیمامي موسـلیم لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی: (الحدود)، لە(باب)ی: (من اعترف على نفسه بالزنا)، بەژمارەی:(1695) .

(6) بڕوانە: المجموع(120/5)، و المحلّى (336/3) .

(7)بڕوانە: المهذب (430/1)، والمبدع (220/2)، و المحلّى (345/3) .

(8) ئیمامي أبو داود لەسـونەنی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی:(الصفوف على الجنازة)،بەژمارەی:( 3166)، وەئیمامي ترمذی لەسـونەنی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی: (الجنائز)، لە(باب)ی: (ما جاء في الصلاة على الجنازة)،بەژمارەی:(1028). وەبە(حدیث) یكي(حسـن)ی داناوە، وئیمامي ابن ماجة لەسـونەنی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی: (فیمن صلّى علیه جماعة)، بەژمارەی: ( 1490) ، وئیمامي حاكم لة (المسـتدرك ( 362/1)) ، وبەصحیحي داناوە .

(9) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی: (من صفّ صفّین أو ثلاثة)، بەژمارەی: ( 1317) .

(10) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی: (الصفوف على الجنازة)، بەژمارەی: ( 1318) .

(11) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی:(الجنائز) ، لە(باب)ی: (الصفوف على الجنازة)، بەژمارەی: ( 1319) .

(12) ئیمامي بوخاري لەصحیحی خۆیدا گێڕاویەتەوە، لە(کتاب)ی:(الجنائز) لە(باب)ی: (الصفوف على الجنازة)، بەژمارەی: ( 1320) .

(13) بڕوانە: فتح الباري (240/3) .